# جیهانبینی و دیدگای صافی هیرانی و ڕەنگدانەوەی لە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا

## (سروشت: ئاژەڵناسی و گەردوونناسی، وەک نموونە)

**عومەر مەلا کەریم بەرزنجی- هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**
**(سلێمانی)**
**(١- ٢)**

**پوختە**

هەمیشە جیهانبینی و دیدگای مرۆڤ، سروشێکە لە سروشتەوە، چونکە سروشت بەشدارییەکی نایاب و کاریگەری لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبووە، وەلێ لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاواز بووە، لەبەر ئەوەی سروشت وەک بیرۆکە، وەک بارێکی قووڵی نێوان خۆی و دانیشتوانەکەی سەیرکراوە، لە سروشتدا کات کاریگەری نەبووە، یان کەمترین کاریگەری هەبووە، جیهانبینی مرۆڤەکانیش بە گوێرەی بەشداری و کاریگەریی سروشت و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکاندا پێوانە دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا بە لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانی صافی هیرانی، گەشتێک بە جیهانبینی شاعیردا کرا، بەتایبەتی لە ڕووی سروشتناسی شاعیرەوە لە هەردوو بەشی ئاژەڵناسی و گەردوونناسییەوە. ڕێگەزانی Methodology ئەم توێژینەوەیە پەسنی Description بەراوردکارییە Comparison لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بنەما سەرەکییانەی کە شیعر پێوەندی بە سروشتەوە هەیە، وەک: (سرووش Inspiration، هێماسازی Symbolism، هێڵکاری وێنەی سروشت (سروشتخواز) Metaphor، باری دەروونی و کەشوهەوا Mood and Atmosphere). لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە صافی هیرانی خاوەنی جیهانبینییەکی فراوانە و وێنەگەلێکی جوانی شیعری لە دەقە شیعرییەکانیدا هەن کە دەری دەخەن خاوەنی دیدگایەکی باڵندەیی بووە، نەک ڕوانینی کرمی کە ڕوانینێکی کورت مەودایە، لەگەڵ ڕوانینی باڵندەیی کە ڕوانینێکی دوور و درێژە و لەبەرزییەوە بۆ نزمییە، بەمەش توانایی بینینی فراوانە و جیهان وردتر دەبینێت. هاوکات ڕوانینێکی دیکەی شاعیر لە نزمییەوە بۆ بەرزییە کە ئاسمان و ئەستێرەکانێتی. هەموو ئەمانەش بە هۆی سروشتناسی شاعیرەوەیە.

**کلیل:** (جیهانبینی صافی هیرانی، سروشتناسی، ئاژەڵناسی، گەردوونناسی، وێنەی شیعری)

## ١- پێشەکی

(جیهانبینی و دیدگای صافی هیرانی و ڕەنگدانەوەی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا) ناوونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە و بە گوێرەی بنەماکانی پێوەندی نێوان سروشت و شیعر بە ڕێگەزانی پەسندزانیی بەراوردکاری نووسراوە.

جیهانبینی شیعری، جیهانبینییەکی دەروونی و ئاوەزییە کە سرووشێکە Inspiration لە سروشتەوە، چونکە سروشت بەشدارییەکی نایاب و کاریگەری لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبووە، بۆ خستنەڕووی شیعرەکان و نووسینی دەقە ئەدەبییەکان کە بەهۆیەوە چاوەڕوانییەکانی شاعیر و ئاییندەسازی و هەڵوێستی شاعیر لە مەڕ دیاردە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ڕامیاری و ئایینی و....تاد، هەندێک جار ڕەوانی و ڕشتە وردەکانی زانستیشەوە دەکەوێتە بەردیدە، لە شیعرەکانی شاعیردا بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە، بە فڵچەی وشە ڕەنگ ڕێژی و واتاسازی و زەمەن لە دەقەکاندا دەخوڵقێنێت.

دەشێت جیهانبینی شاعیر خستنەڕووی دۆخێکی ڕاستەقینەی هەنووکەیی بێت، وەک چۆن دەشێت لە یەکێک لە ساتەکانی ژیان قووڵبوونەوە و چوونە ناوەوە بێت، یان پێشکەشکردن و خستنەڕووی بیرۆکەیەک و هەڵوێستەیەک بێت بۆ ژیان، ڕەنگە ڕاڤە و لێکدانەوەی ڕابوردوو بێت، یان ئاییندەسازیی شیعری. زۆر جار دنیابینی شاعیر مامەڵەکردنێکی گشتییە دەگەڵ هەموو شتەکان و لەگەڵ مێژوو بەتایبەتی، هەرچەندە مێژوو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام شیعر گرنگی بە خودی ڕووداوەکە نادات، بەڵکوو گرنگی بەوە دەدات کە گونجاو بوو ڕووبدات، هەرچەندە دەشێت دنیابینی شاعیر



صافی هیرانی

گوزارشت بێت لە دنیابینی شیعری بە ئاراستەی سروشت و هونەر، یان جوانیناسی و بیرۆکەی ئاوەزمەندانە. مرۆڤی گەڕیدە و عاشقی سروشت و دنیادیدە، دۆستی شیعر بە جۆرێک کە سەدان شیعری خۆیندبێتەوە، لەو مرۆڤانەن کە دنیابینییەکی فراوانتر و فرە چەشنیان هەیە. بوونی پاشخانێکی پڕ لە زانست و زانیاری دنیابینییەکی ڕەنگاڵەیی بەرهەم دەهێنێت بێ ئەوەی خودی زانست و زانیارییەکان لە شیعرەکاندا بخرێتە بەر دیدە و ببێتە بەشێک لە شیعرەکە، بەڵکوو دنیابینی دەبێتە بابەت و باس و لە ڕێگەی شیعرەکەوە دەخرێتە ڕوو.

وێژەی کوردییش لە کۆن و نوێدا لە کاریگەری سروشت بە دەر نییە کە سرووشی جیهانبینی و شیعری شاعیرانە، هەتا شاعیریش شارەزای وێژە و زمانی دیکە بێت و وێژەی میللەتانی تری خوێندبێتەوە، یان لە نێو حوجرەی فەقێیاندا، زانستەکانی فەلەکییاتی لەپاڵ زانستەشەرعییەکاندا خوێندبێت و بە وردی لە قورئانی پڕبەخشش ڕامابێت، ئەوە وردتر لە سروشت و سروشتناسی تێگەیشتووە و پێگەیشتووە، لە ئەنجامیشدا

لـە بەرهەمەکانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. هـۆکاری هەڵبژاردنـی ئـەم باسـە، هەڵسـەنگاندنی ئـەو کاریگـەری و ڕەنگدانـەوە سروشـتییەیە لـە هـەردوو بـواری ئاژەڵناسـی و گەردووناسـی لـە شـیعرەکانی (هیرانـی)دا.

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە، ڕاڤـە و لێکدانـەوەی جیهانبینـی (صافی هیرانی)یـە بـە بـەراورد لەنێـوان سروشتناسـی و ڕەنگدانـەوەی ئاژەڵان و گەردووناسـی لـە نێـو شـیعرەکانی شـاعیردا، خستنەڕووی کاریگەرییـە باوەکانـی سروشـت لەسـەر بەرهەمەکانـی صافـی هیرانـی.

ڕێگەزانی ئـەم توێژینەوەیـە پەسنی بەراوردکارییە Comparison لەبـەر ڕووناکـی ئـەو بنەمـا سـەرەکییانەی کـە شـیعر پێوەنـدی بـە سروشـتەوە هەیـە، وەک: (سـرووش، هێماسـازی، هێڵـکاری وێنەیـی سروشـت (سروشـتخوان)، بـاری دەروونـی و کەشـوهەوا)، لێکدانـەوەی مەبەسـتەکانی شـاعیر بـە بـەراورد بـە پێکهاتـە سروشـتییەکانی وەک (ئـاژەڵان و گـەردون). ڕەنگدانـەوەی پەسـن و تایبەتمەنـدی ئـاژەڵان لـە ناخـی شـاعیردا بووەتـە هـۆی ڕەنگدانـەوەی لـە شـیعرەکانی شـاعیردا.

سـنووری توێژینـەوە لـە بـەراوردی شـیعرەکانی شـاعیر و تایبەتمەندییەکانی ئاژەڵانـی وەک ئاسـک و سـەگ، باڵندەگەلـی وەک بـاز و هەڵـۆ، لـە بـواری گەردووناسـیش ئەسـتێرەگەلی پەرویـن (پێـرۆ)، لـە خۆدەگرێـت.

ناوەرۆکـی توێژینەوەکـە لە دوو بـەش پێکهاتووە، بەشـی یەکـەم لـە (پوختـەی ژیانـی صافـی، شـیعر و سروشـت، ئاژەڵناسـی، گەردووناسـی). بەشـی دووەمیش لـە (جیهانبینـی صافـی هیرانـی لـە ڕوانگـەی شـیعرەکانییەوە). لـە کۆتاییشـدا، گرنگتریـن ئەنجامەکانـی ئـەم بەراوردکارییـەی نێـوان سروشـت و شـیعرەکانی صافـی هیرانـی لـە هـەردوو بـواری ئاژەڵناسـی و گەردووناسـییەوە، لەگـەڵ سـەرچاوە بەکارهاتـووەکان خراوەتـە ڕوو.

**٢- بەشی یەکەم**

**٢-١ صافی هیرانی**

صافـی نـاوی (کاک مسـتەفا کـوڕی کاک عـەوڵا کـوڕی کاک عەلـی کـوڕی کاک عـەوڵا کـوڕی کاک مسـتەفا کـوڕی شـێخ سلێمان)ـــە، لـە بنەماڵـەی میـری سۆرانە، لـە ساڵی ١٨٧٢ز لـە گونـدی هیران لەدایک بـووە، لـە لای باوکـی دەسـتی بـە خوێندنی ئایینـی کـردووە، پاشـان لـە حوجرە و مەدرەسـەکانی خۆشـناوەتی، کۆیـە، هەولێـر و ڕەوانـدز درێـژەی بـە خوێنـدن داوە، بـۆ خوێندنـی زۆرتـر ڕووی لـە (لاجـان، پەسـوێ، سـابڵاخ ...) کـردووە، لای زانـا بەنامێکانـی وەک (قـازی عەلـی مەهابـادی، مـەلا ئەحمـەدی هۆمـەر گونبەتـی، مـەلا ئەحمـەدی ڕەش) خوێندوویەتـی (موکریانـی ١٩٧٣، ٣-٤)، گـەڕان بـەم شـار و شـارۆچکانەی کوردسـتان و خوێنـدن تێیدا هۆکارێکـە بـۆ برەوسـەندنی هەسـتی شاعیرانە و سروشتناسـییانە، ئەمـە جگـە لـەوەی لەگـەڵ زانسـتە شـەرعییەکاندا، فەلەکیـات و مەنتیـق و زانسـتی کەلامیشـی خوێنـدووە کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەم دانراوانـە خوێنـراون (خلاصة الحساب والهندسـة واشكال، تشريح الافلاك و الاسطرلاب، کوبـرا لـە مەنتیقـدا، ئیسـاغۆجی، موغنـی تـوڵاب، حاشـییەی مـەلا عەبدوڵـڵای یـەزدی، شـەرحی شەمسـییە، گلنەبـەوی بورهـان، ..... تـاد) هەمـوو ئەمانـە هۆکارێکـی تـری گەشەسـەندنی هەسـت و دەروون و ئـاوەزی شـاعیرن، کـە جیهانبینییەکـی فـراوان بەرهـەم دەهێنـن (بەرزنجـی ٢٠٠٧، ١٠ -١٥)، (زمزیرانـی ١٣٨١، ١٠١-١٠٣). لـە بـواری ڕاڤـە و لێکدانـەوەی قورئانیشـدا، وەک یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی سروشتناسـی و قووڵبوونـەوە لـە

زۆربـەی پێکهاتەکانـی گـەردوون، تەفسـیرەکانی وەک (جەلالەدین، بەیزاوی، ..... تـاد) دەخوێنـران (زمزیرانـی ١٣٨١، ٩٠).

صافی هیرانـی فارسـیزانێکی بـاش بـووە، بـە زمانـی فارسـی و زمانـی کـوردی و تورکـی شـیعری نووسـیوە، بـە جۆرێـک لـە کـۆی (٢١٨) شـیعر، (١٤٩) شـیعریان بـە زمانـی فارسـی و (٥٥)یـان بـە زمانـی کـوردی و (١٤) شیعریشـی بـە زمانـی تورکـی نووسـیوە، شـیعرە فارسـییەکانی سـەرباری ئـەوەی بـە فارسـییەکی ڕەوان نووسـراون، شـێواز و بیرکردنـەوەی شـاعیرانی فارسـی وەک حافـزی شـیرازی بـە ڕوخسـار و ناوەکییانـەوە دیـارە (پیـرۆت و ڤیتـران ٢٠٢٠، ٣٣١)، بـەڵام بـە گوێرەی دێڕە شـیعرێکی خـۆی بێـت، بـە زمانـی عارەبیش هۆنـراوەی هەیـە:

**خۆی کوردی یە (سافی) لە هەوای عیشقی تۆ ئێستێ**
**کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکیی بووە ئەشعار**

(موکریانی ١٩٧٣، ٢٣)

دیمەنـە خۆڕسـکەکەی دێـی هیرانیـش بەتایبـەت ئـاوی شـین و ڕەوان، هـەوای فێنـک و بووژانـەوەی بـاخ و باخچـە و ڕەزە دڵگیرەکانـی و گوڵـزار و چیمەنـە جـوان و ڕەنگینەکانـی کـە وەک بەهەشـت وایـە، (صافـی)یـان کردووەتـە بلبلێکـی شـەیدای ئـەو ناوچەیـە و دەسـتی کردووەتـە هۆنـراوە هۆنینـەوە، زۆرتریـن هۆنراوەکانـی صافـی بریتیـن لـە : ئایینـی و دڵداری (بۆرەکەیـی ٢٠٠٨، ٧١٦).

صافـی لـەو شـێخانە بـووە تەریقەتـی لەگـەڵ شـەریعەت گونجانـدووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە گەشـتی بەغـدای بـۆ زیارەتـی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی زۆر بـووە، لەتـەک ئارامگـەی شـێخ، خەڵوەتـی کێشـاوە، سـەرەڕای ئـەم هەمـوو جوانکارییـەی لـە شـیعری (صافـی)دا کۆبوونەتـەوە، یـادی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی سـەرانسـەری دیوانـی داگیـر کـردووە (خەزنـەدار ٢٠١٠، ٣٣٨). لـە چەنـدان شـیعریدا خـۆی بـە (سـەگ)ی بـەردەرگای قاپـی (شـێخی گەیلانـی) دەزانێـت کـە لـە شـیعرە فارسـییەکانیدا پتـر دەبینرێـت، ئـەوەش بۆ عەشـق و ئەویـنداری شـاعیر دەگەڕێتـەوە بـۆ شـێخەکەی (خەزنـەدار ٢٠١٠، ٣٤٢).

**ئەی بایی سەبا قاسیدی جانانی ڕوحئەفزا**
**نامەی غەم و دەرد و ئەلەمم تۆ بەرە بەغدا.**
**تا چەند لە ئەو میحنەتەدا بێ سەگی دەرگا**
**موددێکە وەکوو سافی کە شێواوە دڵی من.**

(موکریانی ١٩٧٣، ٢٣)

## ٢-٢ شیعر و سروشت

لـە کۆنـەوە مرۆڤـەکان نـەک تەنیـا بـە خـودی سروشـت، بەڵکـوو بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ شـتەکانی تریـش سەرسـامبوون، هەربۆیـە وشـەی (سروشـت Nature) چەنـدان واتـای هەیـە کـە لـە چوارچێـوەی جیـاوازدا بەکاردەهێنرێـت، بـۆ نموونـە (دروسـتکردن، ڕوخسـار و تایبەتمەنـدی مـرۆڤ، موڵـک، دەوروبـەر و .... تـاد) (kizi 2023, 135). سروشـت زاراوەیەکـی فراوانـە، ئاماژەیـە بـۆ جیهانـی فیزیکـی لەگـەڵ دیاردەکانـی وەک بەفربارین، باران بارین، بـا، هـەور، تەمومژ و ...تـاد، ئاماژەیـە بـۆ بوونـەوەرە زینـدوو و نازیندووەکانـی وەک ئـاژەڵ، باڵنـدە، ڕووەک، گـوڵ، ماسـی، مێروو، بـەرد، ڕووبـار، شـاخ، خاک، گـۆم، گـرد و ... تـاد، ڕوودانـی ئـەم جـۆرە شـتە سروشـتییانە و دیـاردە سروشـتییانە نـەک تەنیـا کاریگـەری لەسـەر شـاعیران هەیـە، بەڵکـوو لـە دارشـتنی بیرۆکـە و شـێوازی ژیانیانـدا کاریگـەری لەسـەر هـەر مرۆڤێکـی ئاساییش هەیـە، بـەڵام شـاعیران بەتایبەتـی لەژێر کاریگـەریی سروشـتدان (L. R. Sharma 2021, 14-20) . سروشـت

ئەوەندە دەوڵەمەندە بە نهێنی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەری باوەڕپێنەکراو، کە بەم شێوەیە دڵی مرۆڤەکان دەگرێت و هانیان دەدات بۆ نووسین، ئەم ئاوازانەی سروشت، چ لە پەخشاندا بێت، یان شیعر، لە دڵی نووسەرانەوە دەچنە سەر پارچە کاغەزێک وەک کەوتنە خوارەوەی گەڵا لە دارەوە (kizi 2023, 135) .

هیچ نووسەرێک لەم جیهانەدا نییە کە سرووش لە سروشتەوە وەرنەگرێت، ڕاستییەکەی، هەموو نووسەرێک کە پێنووسەکەی دەهەژێنێت، ناتوانێت کارەکانی تەواو بکات بە بێ ئەوەی جوانییەکانی تێدا بخاتە ڕوو، چونکە سروشت و وێژە دووشتن کە ئەوەندە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەبێ یەکتر ناتوانرێ خەیاڵیان بۆ بکرێ (kizi 2023, 135).سروشت هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەریی لە وێژەدا هەبووە، بەتایبەتی لە شیعردا، نووسەران و شاعیران زۆر جار سروشتیان بۆ ڕوونکردنەوەی هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانیان دەربارەی ژیان و مردن و خۆشەویستی و شەڕ بەکارهێناوە (Sharma and Chundawat 2021, 8-11).

تابلۆ جوانەکانی سروشت کە لە وێژەدا بەکاردێن، یەکێکن لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بۆ ئاشکراکردنی شێوازی نووسینی شیعر و پەخشان، دیاریکردنی هەڵوێستی نووسەر بەرانبەر بابەتەکەی و هەڵسەنگاندنی بەهاکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، .... تاد. نووسەرانی لێهاتوو و داهێنەر دەتوانن سروشت وەک ئامرازێکی تایبەت بەکاربهێنن بۆ ئاشکراکردنی هەردوو لایەنی کارەساتباری و دڵخۆشی ژیانی مرۆڤ (kizi 2023, 135).

شیکردنەوەی شیعر، بە شێوەیەکی زانستیانەی ورد، کردارێکی سەخت و ئاڵۆزە، چونکە لێکۆڵەر دەبێت لە چەند بوارێکی گرنگی پەیوەست بە تێگەیشتن لە شیعر شارەزابێت، ئەوانیش: (ئاماژەکردن، واتا، وێنەسازی، وێنەی بینراو و گۆڕانکارییەکان، وێنەی بیستراو، وێنەی قسەکردن، ڕەوانبێژی، نواندن و لاساییکردنەوە، هێڵکاری وێنەی سروشت، کەسایەتی سازی، هێماسازی، جوانی بایس، کەمکردنەوە، زیادەڕۆیی، پێچەوانەکردنەوە، وێنە، باری دەروونی و ..... تاد)، بەڵام بۆ ڕاقە و لێکدانەوەی شیعر و سروشت کە دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و لە زۆر ڕووەوە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، ئەو ڕێگەیانەی کە شیعر بە سروشتەوە پەیوەست دەکەن، گرنگ و پڕ بایەخن (Irmawati 2014, 35-45)، ئەوانیش:

## ٢-٢-١سرووش Inspiration

لە کۆنەوە سروشت سەرچاوەی سرووشی شاعیران بووە، شاعیران جوانی سروشتیان بۆ دەربڕینی سۆز و بیرکردنەوە و بیرۆکەکانیان بەکارهێناوە. زۆرجاریش بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە لە گۆڕانکاری و تێکەڵکردن و دەستکاریکردنی بیرۆکەکانی ترەوە، هەروەها لە نموونە و چەمکەکانی ترەوە، سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ناکرێت نموونە و کارە کۆن و سروشتییەکان وەک خۆی وەربگیرێنەوە و لەبەریان بگیرێتەوە، بەڵکوو پێویستە ببنەوە بە سرووش بۆ لەدایکبوونی کارێکی نوێ. شێوە پێدان و نەخشەسازیی Design کردەوە گەلێکی زۆر داهێنەرانەن کە پێویستیان بە گەڕان و سرووش هەیە، هەمیشە سەرچاوەی سرووشەکان، نموونە و وێنە و چەمکە بینراو و بەردەستەکانن، ئەوجا سروشتی بن، یان دەستکرد، کە سروشتییەکان زۆرینەن (VINK-ER, et al. 2023, 1-2).

## ٢-٢-٢ هێماسازی Symbolism

هێماســازی Symbolism، شــتێکە کــە بــۆ شتێکی تـر بەکاردەهێنرێـت، یـان وەک پێشـاندانی شـتێکی تـر سـەیر دەکرێـت، بەتایبەتیتـر هێمـا بریتییــە لــە وشــەیەک، یــان دەســتەواژەیەک، یــان دەربڕینێکـی تـر کـە کۆمەڵێـک واتـای ئاڵـۆز پێـوەی پەیوەسـتە، ئەمــەش بــەو واتایــە دێــت، کــە هــەر هێمایـەک، واتـای جیـاواز و جۆراوجـۆری هەڵگرتـووە (Irmawati 2014, 39). زۆر جـار سروشـت وەک هێمایــەک لــە شــیعردا بەکاردەهێنرێــت بــۆ مەبەسـتی گەیاندنـی واتـای قووڵتـر، چونکـە لـە نـاو ئـەو هونـەرە جۆراوجۆرانـەی کـە لـە شـیعردا بەکاردەهێنرێــن، هێماســازی یەکێکــە لــەو ئامــرازە کاریگەرانـەی کـە شـاعیران بـۆ دەربڕینـی پێوەنـدی و پوختەکــردن بــەکاری دەهێنــن، بــۆ نموونــە: ڕەنگـە زریانێـک هێمـای گێـژاوی سـۆزداری بێـت، یـان گـوڵ و گوڵخونچەیـەک هێمـای گەشـەکردن و نوێبوونــەوە بێــت (AHMED 2021, 1806). هێمـا بریتییـە لـە (کـەس، شـوێن، شـت، پەسـن، جـۆر، یـان پێوەندییـەک کـە بـۆ ئامـاژەدان بـە شـتێکی تـر بەکاردەهێنرێـت، جگـە لـە خـۆی)، لـە شـیعردا، هێماسـازیی بـاو و نابـاو هـەن، هێمـا بـاوەکان ئەوانــەن کــە بــە شــێوەیەکی فــراوان بەکاردەهێنرێـن و لەگـەڵ دیتـن و خوێندنەوەیـدا واتاکانـی تـێ دەگەیـن، بـۆ نموونـە ئـاڵا، خـاچ، گوڵەبەڕۆژە، ...تـاد، بـەڵام هێمـا نابـاوەکان، ئـەو هێمایانـەن کـە بـۆ بۆنەیەکـی دیاریکراو داهێنراون و بەکاردێن، لێکدانەوەکـەی بـە گوێـرەی ئـەو شیعرە دیـاری دەکرێـت کـە بەشـێکە لێـی، شـاعیر هیـچ لێدوانێکـی ڕاشـکاوانە دەربـارەی بەهـاو و نرخـی هێمـاکان نـادات، بەڵکـوو متمانـەی بـە دەقەکـەی خـۆی هەیـە کـە واتاکـەی بـۆ خوێنـەر ڕوون بکاتەوە (Irmawati 2014, 39).

بــە شــێوەیەکی گشــتی ســێ جــۆر هێماسـازی هــەن، ئەوانیــش (AHMED 2021, 1807):

- هێماسازی لـە ڕێگـەی شـتە بەرجەسـتەکانەوە: زۆربـەی کات شـتە بەرجەسـتەکان بـۆ هێماسـازی بیرۆکەیـەک، یـان چەمکێـک بەکاردەهێنرێـن، وەک ڕێچکـە و ئاماژەدەرێـک بـۆ ئاراسـتەکردنی خوێنـەر بـەرەو هەندێـک لـەو تـەوەرە بنەڕەتییانـەی کـە بەرهەمێـک مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات.
- هێماســازی لــە ڕێگــەی کەســایەتییەکانەوە: هەندێـک جـار، کەسـایەتییەکان خۆیـان دەتوانـن هێمایـەک بـن بـۆ (شـکۆمەندی، خراپەکارییەکـی تایبـەت، بیـر و بـاوەڕ، ڕامیـاری، .... تـاد).
- هێماســازی لــە ڕێگــەی ڕووداوەکانــەوە: ڕووداوەکان دەتوانـن ببنـە هێمـا و بەهۆیانـەوە هێماسـازی نێـو پەخشـان و شـیعرەکان پێـک بهێنـن.

ئەگەرچـی سـێ جـۆری جیـاوازی هێماسـازی هـەن، بـەڵام لـە ڕووی ئـەرک و سـوودەکانیانەوە لێـک نزیکـن کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە چەنـد خاڵێکـدا دەیانخەینـە ڕوو (AHMED 2021, 1806):

- یارمەتیـی خوێنـەر دەدەن بـۆ بینینـی چەمکـە ئاڵـۆزەکان و تـەوەرە ناوەندییـەکان، چۆنیەتـی بـە دواداچـوون بـۆ گەشـەکردنیان.
- دەرفـەت بـە شـاعیران و نووسـەران دەدات بـۆ گەیاندنـی بیرۆکـەی گـەورە بـە شـێوەیەکی کارا و هونەرییانـە.
- هێماسـازی بانگهێشـتکردنی خوێنەرانـە بـۆ لێکدانـەوەی دەقێـک بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ، نـەک ڕاسـتەوخۆ مەبەسـتەکە دەربخـەن.
- سـەنگ و قورسـایی سـۆزداریانە، سـەرباری دەقـەکان دەکات.

- شاردنەوەی ئەو تەوەر و باسانەی کە زۆرترین مشومڕیان لەسەرە و ناتوانرێت بە ئاشکرا باس بکرێن.

### ٢-٢-٣ باری دەروونی و کەشوهەوا Mood and Atmosphere

باری دەروونی، وشەیەکە کە لە هەمان وشەی کۆنی باری دەروونی (Mood)ی ئینگلیزییەوە هاتووە، کە بە واتاکانی (دڵ، گیان و ئازایەتی) دێت، باری دەروونی ئاماژەیە بۆ ئارەزووی دەروون، هەست، دۆخێکی سۆزداری. زۆر جار شاعیران، پەسنە سروشتییەکان Descriptions of Nature بەکاردەهێنن بۆ دانانی باری دەروونی و کەشوهەوای شیعرەکانیان، بۆ نموونە: ڕەنگە دیمەنێکی سروشتی ئارامبەخش، هەست و دەروونێکی ئارام و مایەی دڵپەسەندی بوروژێنێت. باری دەروونی بەرهەمێکی وێژەیی ئاماژەیە بۆ کەشوهەوا، یان ئاوازی باڵادەستی، هەموو بەرهەمێکی وێژەیی سەرەکی، بارێکی دەروونی باوی هەیە (Irmawati 2014, 40).

### ٢-٢-٤ هێڵکاری وێنەی سروشت (سروشتخواز) Metaphor

شێوەیەکە لە شێوەکانی قسەکردن کە تێیدا وشەیەک، یان گوزارشتێک بۆ کەسێک، بیرۆکەیەک، یان شتێک بەکاردەهێنرێت، کە بە شێوەیەکی ڕستەیی کاری پێ ناکرێت، زۆر جار شاعیران وێنەی سروشتی وەک هێڵکاریی قسەکردن و خوازراو بۆ ئەزموون و هەستەکانی مرۆڤ بەکاردەهێنن، بۆ نموونە، ڕەنگە باڵندەیەک هێمای ئازادی بێت، بەڵام دارێک ئاماژەبێت بۆ هێز، کەواتە سروشتخوازی دەربڕینێکە کە بە واتایەکی تازە بەکاردێت و لێکچوونێکی ئاماژەپێکراوە کە بە شێوەیەکی خەیاڵی شتێک لەگەڵ شتێکی دیکە دەناسێنێت، لەسەر بنەمای لێکچوون لە نێوان ئەو و واتای وشەکە و ئەو شتە نوێیە، یان ئەو دۆخەی کە بۆی جێبەجێ دەکرێ. ئەم سروشتخوازییە، یەکێکە لە دروشمەکان، هەروەها ئامرازێکە کە نووسەر و شاعیر بەهۆیەوە واتای وشەیەک دەگۆڕێت، یان لە واتاکەی دووری دەخاتەوە و لای دەدات. سروشتخوازی کە بە شێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە لە مێشکدا ئەو توخمە لێکچووانە لە دەست بدات کە لە بنەڕەتدا هەیبووە، پاشان پێی دەوترێت سروشتخوازی مردوو Dead Metaphor، لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، سروشتخوازی مردوو زۆرن، بۆ نموونە (کتێبێکی وشک Dry Book، خوێندکارێکی درەوشاوە، بیرکردنەوەی رووکەش، .... تاد) (Irmawati 2014, 38).

### ٢-٣ باڵندە و شیعر

باڵندەکان، سەرچاوەیەکی باوی سرووش بەخشن، ئەمەش هەر لە کۆنەوە، باڵندەکان بە شێوە و هێمای جۆراوجۆر پیشان دراون، مرۆڤ هەمیشە سەرسامییەکی زۆری بەرانبەر بە سروشت هەبووە، بەتایبەتی باڵندەکان. کاتێک سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکەینەوە، یان سەیری دارێک دەکەین، یان ئەگەر بچینە شاخەکانیش و وشکترین شوێنەکانیش، ئەوە هەمیشە هەندێک زیندەوەری باڵاتر هەن کە لە مرۆڤ بەرزتر دەبنەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە باڵندەکان سرووش بەخشن بۆ شاعیر، بە مەبەستی تێگەیشتن و پێوەندی لەگەڵ سروشت لە بوارە جیاوازەکانی وەک (هەست، نیشانە، باوەڕ و پەیام)، شاعیران سروشت و

جوانییەکانی سروشتیان بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکان بەکارهێناوە، باڵندەکانیش بەهۆی تایبەتمەندییەکانی وەک (وردێتی لە هەڵسوکەوتدا، دزیکردن و شێوازەکانی، توانایی فڕین بە بەرزی و ڕاوکردن، تێپەڕین بە دەریا و ئۆقیانووسە گەورەکاندا، ...) (Dcouto 2016, 1014-1015). بە شێوەیەکی باو هەندێک لە باڵندەکان لە نێو شیعرەکاندا دەبینین، کە بۆ واتا و هێمای جیاواز بەکاردەهێنرێن، وەک (کۆتر، هەڵۆ، باز، چۆلەکە، قەلەڕەش، تووتی، هوما، هود هود....)، بۆ نموونە زۆر جار ئاماژە بە ڕەنگ و هێمنی کۆتر دەکرێت، یان وەک هێمایەک بۆ گیان (ڕوح) (Mehri 2023, 406-408).

باڵندەکان، وەک هونەرێکی هێماسازی Technique of Symbolism لە شیعردا بەکاردەهێنرێن، بۆ بەرزکردنەوەی شیعرەکان و پێدانی تێڕوانینی زۆرتر بە خوێنەر، هەروەها بەستنەوەی سروشت بە هەست و بیرباوەڕەوە. هێماسازی بۆ ئاماژەدان بە بێتاوانی و خۆشی و پاکی و کوڕێنی و .... تاد، کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فرەواتایی Multiple Meaning شیعر هەیە، بابەتەکان گشتگیرتر دەکەن و سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشن و سەرقاڵی دەکەن (AHMED 2021, 1801-1802). لە سۆفیگەریی ئیسلامیدا، وێنەی باڵندە لە هێما گرنگەکانە، یەکێکە لە هێما دیارەکان لە نێوان هێما دیارەکانی وەک (گوڵەبەڕۆژە، باخچە، شەراب). هێمای باڵندە، تەنیا یەک واتای نییە، کە ئەویش هێمای (گیان)ـە، بەرزبوونەوەی گیانی مرۆڤ بۆ ئاستێکی باڵا، بەڵام واتای دیکەشی هەیە، وەک هێمایە بۆ هەندێک کەس، ئەزموون، داهێنان، دروستکردن. ئەو سۆفییانەی خۆیان گۆشەگیر دەکەن، وەک باڵندەی ناو قەفەس هێما دەکرێن، ئەو سۆفییانەیش کە دەکوژرێن، وەک باڵندەی پیرۆزی گەڕاوە بۆ هێلانەکانیان هێمایان بۆ دەکرێت، ئەو سۆفییانەی زۆر بیردەکەنەوە و سەرنج دەدەن، بە باڵندە بێدەنگەکان هێما دەکرێن، پەیامبەران و فریشتەکان و پیاوانی خودا بە باڵندەی فڕین لە باخچەی ئاسماندا هێمایان بۆ دەکرێت. باڵندە بریندارکەرەکانیش هێمای هێز و گرفتە دەروونییەکانن، بەڵام باڵندە دەنگخۆشەکان کە ئاوازی جۆراوجۆر دەچڕن، هێمان بۆ هیوا و خۆشی و بێتاوانی، هەروەها دیتنی باڵندە و پەلەوەرەکان لە مانگی سێدا، هێمای لە دایکبوونەوە و ژیانەوەیە، لەلایەکی دیکەشەوە زۆرجار باڵندە هێمای ئازادییە، پەپوولەش هێمای ناسکی و جوانی و خۆشەویستییە (Johan 2019, 695).

باز (نسر، Eagle)، هەندێک جار هێمای گیانی ئارامە، هەندێک جاریش باڵندەی دڵخۆشی و حاڵ لێهاتنە و باس لە هێزی خۆشەویستی خودا دەکات کە مەبەستێتی دڵی مرۆڤە دوودڵەکان بە دەست بهێنێت، هەر وەک چۆن بازێک هێرش دەکاتە سەر نێچیرەکەی. کۆتریش وەک باڵندەیەکی جوان کە لە سروشتەوە دەخرێتە ناو قەفەس، بە لە دەستدانی ئازادی، دڵی لە دەست نادات و نامرێت، بەڵکوو خۆیان دەگونجێنن و دەبنە سروشتخوازێک بۆ دۆزینەوەی بەختەوەری و ئیمانی لە تاریکترین ساتەکانیشدا، ئەمەش دۆزینەوەی ئارامی و متمانەی تەواوە بە خودا، کە ئازادی گیانی پاداشتەکەیەتی. شاعیرانی جیهانیش باڵندەی ڕۆبینیان Robin وەک هێمای ئایینی بەکارهێناوە، چونکە ڕۆبین سرووش و ڕێنمایییە بۆ ئەوەی مەسیحییەکی باش چۆن دەبێت ڕەفتار بکات (Johan 2019, 711).